# ئەزبەنی و جنێوفرۆشێک!

**کەیهان عەزیز**

پێویست ناکات بۆی بگەڕێین، قارەمانی ئەم شانۆگەریەش، ئەزم، ئەزز،ئەزبەنی!
ئەزێک، کەرێناس و نەزیرعومەر لەسایەیدا تیرۆرکران,ئاکۆئەحمەدی لەسەر ڕاپرسیەک ڕەوانەی زیندان کرد.میدیای ڕاگرت،گۆڤاری مۆمی کلۆم کرد.
بەڕاست, کوردستان دەستوور و دیموکراسی بۆ چییە؟ پارتی دیموکرات هەیە،ئەوەی حەزی لەقەڵەمبازی دیموکراسیە، بەقەڵەمبازێک دەتوانێت خۆی فڕیبداتە ناویەوە. ئیدی لەدەرەوەی ئەمە چ پێویستیەک بەدیموکراسی دەکات؟!
چما دەورانی بەعس خەڵکی لەژێر دەواری بەعسدا بەئارامی دەلەوەڕان، ئەمرۆ وا نەبێت؟!
ئێمە لەپێناو بەمێگەلکردن و لغاوکردنی کۆمەڵگای کوردەواریدا،لەئەزموونی پارتی پێشڕەو ودەوارەکەی بەعس و سەرۆکی فەرماندە،کەڵکمان وەرگرتووە.
سەیرکەن: وەک سەددام، ئەز سەرۆک و زاوام سەرۆک وکوڕم سەرۆک !
مۆدیلی ماشێنەکانمان، بۆدیگاردەکانمان، خورەوشتمان،جلوبەرگی ئوتوکراومان،کۆشک و تەلار و خزمەتکارەکانمان، کتوومت وەک سەددام.
سەیری ڕۆژنامە و میدیاکانمان بکەن. ئەوانیش وەک ئەوانەی سەدام،کەم ڕۆژ هەبێت وێنەی ئەز، و کارێزمای ئەز و کاراکتەری مەزنی ئەززبەنی بۆ میللەت بەرجەستە نەکەن.
بەسەدداميان دەگووت: سەرۆکمان زێڕە. ئەو ماتریال و ستانداردانەی کە سەرۆکێکی پێ دەبێتە زێڕ،لەمنیشدا هەیە. ئیدی چما منیش وەک ئەو زێڕ نەبم !
تەنها شتێک کە نەمدەویست وەک سەددام بووایە،دوژمنەکانمان بوون ! چونکە مرۆڤ گەر دوژمنداربوو، ناتوانێت بەئاسوودەیی چێژ لەم ژیانە پادشاییەی ببینێت.
سەیرە! چما ئەوەی لە دەسەڵاتدا بێت و وەک بەندە سەرۆک بێت، ڕەخنەی لێدەگرن ؟ بەبڕوای من لەحەسودیدایە بۆیە وا ئاژاوە دەنێنەوە. سەدداميش لەخۆوە هار نەبوو پەلاماری دنیای دا ! ئەم حەسود و نووسە ڕو ڕەخنەگر و جنێوفرۆشانە وایان لێکرد تەڕڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێ وناوبانگی بەخراپە دەرچێ!
ئێستا دەزانم بۆچی (سەددام)، ئەوەی بهاتایەتە بەر ڕێی، لە ناوی دەبرد. تێگەیشتم،بۆ سەگی بەردایە عەزیزی سەید جاسم (نووسەر) و کێ و کێ.
ئەمە شەڕی نێوان ئێمەی دەسەڵاتدارو و ئەو جنێوفرۆش و ڕەخنەگرانەیە،کەلاسایی ئەوروپیەکان دەکەنەوە. ئەوان دەیانەوێت کورد فێری ئازادیی و ڕەخنەگرتن ودیموکراسیی ڕاستەقینە بکەن! ئەمەش کارەساتە بۆ ئێمە، چۆن دەهێڵین!.
هەفتەی پێشوو کە ئەز لەئەمریکا بووم، پریزدنت بۆش پاشان تۆنی بلوێرم بینی. ویستم بڵێم واز بێنن، سەرۆکایەتی چۆن وادەبێت؟ چۆن دەبێت سەرۆکی وڵاتێک خۆی سووک بکات و سواری دووچەرخە بێت؟! یان وەک ئۆڵف پاڵمە لە سینەمایەکدا تیرۆربکرێت. ئاخر ئەمە دەبەنگییە! سەرۆک دەبێت کارێزما بۆ خۆی دروستبکات، نەک وا خۆی مەسخەرە بکات و بەسواری دووچەرخەوە بچێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی!. ئاخر بۆیە وا هاوڵاتیەکانتان، دەمیان گەرمە و بە بچوکترین کەم و کووڕیی،ڕەخنە و ناڕەزایەتی ودیموستراسی دەکەن وداوای لابردنتان دەکەن!
ویستم بڵێم: وەرن بۆ کوردستان تا فێرتان بکەم چۆن میللەت بەرن بەڕێوە!
لە کوردستانی (ئەزز)دا، نە ئوتوبانێکم بۆ دروست کردوون، نەزێرابێکی تازەی تیادروستکراوە، نەئاو و کارەبا (بەرق)ی تیایە، نەدەرەختکاریی تێدایە، نە هەر خانەوادەیەکی قوربانیەکان ئاپارتمانێکیان

پێدراوە، نە نەخۆشخانەکانی نەخۆشخانەن و نەزانکۆکانیشی زانکۆن، نەیاساش بوونی هەیە! کەچی میللەت هەر پێم ڕازیە و بەخۆشیی بێت یان بەناخۆشیی، پێشوازیم لێدەکەن و وێنەی ئەززی ئەزبەنی هەڵدەواسن. سەرۆکایەتی دەبێت وا بێت!.
ویستم بڵێم: ئەز میللەت دەناسم، میللەت سپڵەیە،چی بۆ بکەیت، ڕازی نابێت! هەر بۆیە هاوڵاتیەکانتان (غەرب) دەستەمۆ و ملکەچی ئێوە نابن. ویستم بڵێم: سەرۆک دەبێت وەک ئەز بێت،کە بەبێ هیچ دیبلۆم ولێهاتوویی و ڕۆشنبیریەکەوە،سواری ملی میللەت بێت. من بوومەتە سەرۆکی جەنازەیی کوردستان و تا جەنازەکەم نەخرێتەگۆڕەوە هەر سەرۆکم! میللەتیش ڕێزی سەرۆکێکی وا دەگرێ، سەرۆکێکی وای پێویستە. بەڵام دوایی وتم نا، ئەوان بەرژەوەندی خۆیان نازانن و بە من ناگوردرێن،چیمداوە لەم بەزمە! سەیرە، ئەمانە مێشکی کوردەکانی هەندەرانیشیان تێکداوە! دکتۆر کەمالێک دوو بڕوانامەی هەیە. ڕەگەزنامەی ئوتریشی(نەمسایی) هەیە، ژیانی مسۆگەرە و لە هەر جێیەک دەتوانێت مامۆستای زانکۆ بێت و خۆی بژێنێت، بۆ وازمان لێناهێنێت. گەر کورد فێری ئازادیی و سکۆلاریسم و دەستا و دەستکردنی دەسەڵات بوون، ئەز بە 8 زاڕۆکەوە،کە هەمیشە دەزیرێنن بۆ کوێ بچم. شوان بم لە بارزان، پەنچەرچی بم لە مێرگەسوور یان سترانا، و سۆ وسۆ بچڕم؟ بەخودێ لە برساندا دەمرم . ئێ ئەز نەخوێنەوارم و هیچ دیبلۆمێکم نییە تا پێی بژیم. لە خەبات زیاتر چیدیکە نازانم، سەرۆک نەبم ئەز چ بم؟ لەبەر ئەوە تا ماووم، یەخەی دیموکراسی بەرنادەم و دبێت دیموقراطیەتە کورد وەک ئیشتراکیەتە بەعس بێتن و میلەتا کورد دەبێت لغاو بکرێت و هەمیشە ئەزبەنی سەروەری بێت .
دکتۆر کەمال گەر مرۆڤەکا بەویژدان بایە لەبەر خاتری زاڕۆکا من،باسی ئازادی و دکتاتۆربوونی ئێمەی نەدەکرد وخەڵکی لەئێمە هان نەدەدا.
باش بزانن،وەک سەددام؛ ئەوەی دەمبکاتەوە، زیندانی دەکەین وگویدەرخواردەدەین! ڕاستە ئێمە زیندانی ڕەزوانیە و ئەبووغرێب و نوگرەسەلمانمان نینە. وەلی زیندانی ئاکرێمان بەسە کە بۆڕی ئەو سێیانە بداتەوە!
ئەگەر عەسری های تەک وگلوبالیزم وئەنتەرنێت نەبایە، پێویستی بەزندانیش نەدەکرد!
ئێ کەسێک، کە دژی مە، دژی ئەڤ دیمققراطیەطە، دژی با بۆی گچکە و گەورە بنوسێت... بەخودێ پێویستا بەزیندانا نینە! دەماودەست بەتێلای دیموکراسی، پێویستە سەری پان بکەیتەوە.
دیموکراسی،ئازادی،سەربەخۆیی،کۆمەڵگای مەدەنی،ئازادی نووسین وچاپەمەنی......ئەوانە قسەی قۆڕ و پووچن، ئەوانە بۆ کورد نینە.
ئێمە نایەڵین کورد وەک گەلانی ئەوروپایی ئازاد بن و پێشبکەون و بیربکەنەوە. چونکە پێشکەوتنی ئەقڵ و ڕەخنەی کورد، دەکاتە نان برانی ئێمە. ئازادبوونی کورد دەکاتە، بەندبوون و ئێکسپایەربوونی ئێمە!
دکتۆر (کەمال سەیدقادر) چی لێمدەوێت، بۆ واز ناهێنێت؟
کاتێک دەتوانین، هەرباره گوێزێک بەم میللەتە بار بکەین و نقەی لێنایەت،خەتای ئێمە چییەو ئێمە چی بکەین.
خۆ هار نەبووین،خۆمان لەم ناز و نعەمەت وعەیش ونەوشە بکەین و،بڵێن فەرموو میللەت با سەرۆکایەتی و سەرکردایەتی کورد بەهەڵبژاردن بێت،کەسی هەڵبژێراو بۆی نەبێت لە دووخول زیاتر سەرۆکی کورد بێت.
کەواتە زانست سەلماندی دکتۆرکەمال کەسێکی نەزان وگەوجە،دەنا دەیزانی، گەر کورد میللەتێکی بەئاگاو خاوەن فەرهەنگ بووایە، چۆن بەسەرۆکایەتی نەخوێنەوارێکی وەک من ڕازی دەبوو؟!
لەبەر ئەوە ئێمە هیچ لەدکتۆر ناکەین،تەنها دەیکەینە عیبرەت بۆ ئەوانی تر. تا بزانن ئەززز کێمە! ئەزز چیمە! ئەززز چەند هێژامە !تا خەڵکی بزانن منی نەخوێنەوار لەوی دکتۆر زاناترم! هەروەها لەڕێگای زیندانیکردنی دکتۆریشەوە،ترمۆمێتر و ئاستی ئاگایی کوردمان دووبارە تێست کردەوە! ئەوەتا پاش هەفتەیەک، بەو هەموو ئەنتەرنێت و سایت وخەڵکەی لە خاریجن، ئەوجا 350 کەس دەنگیان بۆ

(د.کەمال)نەداوە!  لەوانەیە15  مەقالی بەرگری لەسەرنووسرا بێت، کە نووسەرەکانی لەترساندا هەر هەموویان وتوویانە (ئێمە لەگەڵ شێوازی توند ی د.کەمالدا نین!، یان دەبێژن، با د.کەمال دادگایی بکرێت! با دادگاکەی عادیلانە بێت!) ئەوان دەزانن ئێمە دکتۆرمان فڕاندووەو هیچ حسابێکمان بۆ کەس نەکردووە. ئێ سبەی چۆن دادگایەک کە نانخۆری دەستی ئەزبەنییە بوێرێت باسی عەدالەت بکات. لەبەر ئەوە میللەتێک و ڕەخنەگرانیشی، وا ترسنۆک بن و ئەوە ئاستیان بێت، چما ئەز و بابۆی بچووک و بابۆکانی ئایەندە، بۆ100پشتی تر سەرۆکیان نەبین.

Brussel,

2005/11/04

k.aziz1@hotmail.com
www.kayhanaziz.nl